

# گیرابوونی نزاکان

هێلین خلیل

نامیلكەیەك دەربارەی

# گیرابوونی نزاكان

نوسین و كۆكردنەوەی

هێلین خلیل

# پێشەکی

بەناوی پەروەرێنی پڕ میهر و گەورەیم، سەلام و ستایش بو مەزنترین پیاوی مرۆڤایەتی محمد (ﷺ) شوکر و حەمد بۆ فەخری عالەم کە لەگەڵ یەك رۆژ ژیان دەرفەتی عیبادەت و بوون لەگەڵ ئازیزانمان پێ دەدات، بەرهەمی ئەمجارەم جیاوازە نامیلکەیەکی دینیە، کومەڵێ بابەت دەروژێنم، باس لە نزاکردن، ئادابەکانی نزاکردن، چۆنیەتی نزاکردنە؛نزاکردن بابەتێکی تەواو گرینگە، پێویستە هەموومان بەئەمەك بین بەرامبەر نزاکان؛چونکە نزیك بوونەوەی بەندەیە لە دروستکەری، دروستکردنی پەیوەندیە.

هیوادارم ئەو نامیلکە بچووکە بە دڵی ئێوەی خوێنەر بێت، لە دوعا بێبەشم نەکەن خودای گەورە مرازی دڵی هەمووان بدات پایەدارو تەندروست بن

هەولێـر 2020\7\22

# نـــزاكـــردن

نزاكردن و موناجاتكردن نزيك بوونەوەی بەندەيە لە پەروەردگاری داواكردنی سەرفرازی، زەليل بوون، داوای لێخۆشبوون لەبەردەم عەرشی پەروەردگار، ئەو ساتانەی لە تەنياييدا بەرەو ڕووی قيبلە دادەنيشی و دەستەكانت بۆ ئاسمان بەرز دەكەيەوە سكاڵای دڵت بۆ ئيلاهی باس دەكەی دڵ چەندە هەست بە ئارامی دەكا، چەندە هەستێكی پڕ جۆشە كاتێ كەسێك هەموو ساتێ لەگەڵتە نە لە خۆشی و نە لە ناخۆشی جێتناهێڵێ، پەروەردگاری لە سورەتی "غافر" دەفەرمووێ : (وَ قالَ رَبُّكُمُ ادعُونی أستَجب لَكُم )

ئێوە هاناو هاوار بۆ من بێنن دوعا و نزاتان گيرا دەكەم، هيچ كاتێ لە نزاكردن مەوەستن و بێ هيوا مەبن لە ڕەحم و ميهرەبانی ئيلاهـــی

هەندێك گلەيي لەوە دەكەن كە بۆچی نزاكان گيرا نابێ لەكاتێ شەو و ڕۆژ دەست بە دوعا موناجات دەكەن لەگەڵ خولقێنەری زەوی و

ئاسمان، هەندێك لە نزاكانمان حیكمەتێكی زۆر گەورەی تێدایە كە گیرا نابێ چونكە خودای گەورە باشترینی بۆ بەندەكانی دەوێ هەندێ جار ئەوەی بەندە داوای دەكات خودا گەورەتر وباشتری بۆ داناوە ; رۆژانە چەند دەقەیەك بۆ ئەوە تەرخان بكە كە دانیشتنێك ساز بكەی لەگەڵ پەروەرێنت، بەتەنها! دوور لە هەموو كەس دوور لە هەموو سەرقاڵی دونیا بێئەوەی داوای هیچ بكەی لە خودا و هیچ گلەییێك بكەی، داوای لێخۆشوون لە هەموو ئەوانە بكە لە بێ ئاگای كردووتە هەموو ئەو گوناهانەی كە دڵتی تەزاندووە و خەوی لێ تۆراندووی، ئەو گوناهانەی دڵانێكی شكاندووە، سوپاسی یەزدان بكە بۆ هەموو دڵخۆشییێكت بۆ هەموو ئەو ساتانەی تێدا پێكەنیوی هەموو ئەوانەی كە پێتی بەخشیوە بوونەتە هێلانەی ئارامی بۆت، بۆ تەندروستیت بۆ بینایيت بۆ بیستنت بۆ هەست كردنت...

زۆرترین دوعا کە پێغەمبەر (ﷺ)دەیکــرد ام سلمە دەڵێ:

زۆربەی دوعای پێغەمبەر (ﷺ)ئەمە بوو:

( يَا مُقَلِّبَ الْقُلُوبِ ثَبِّتْ قَلْبِي عَلَى دِينِكَ )

ئەی وەچەرخێنەری دڵان دڵم چەسپاو بکەیت لەسەر دینەکەت، جا پێیان ووت:- بۆ زیاتر ئەو دوعایە دەکەیت؟

ئەویش فەرمووی:- ( هیچ مرۆڤێك نییە ئیلا دڵی لە نێوان دوو پەنجەدایە لەپەنجەکانی خودا، جا هەرکەسێکی بوێت دامەزراوی دەکات وە هەرکەسێکیشی بوێت لار و خواری دەکات )

بێ ئەمەك مەبە بەرامبەر نزاکان دڵتی بدێ ئەقڵتی بدێ ئینجا ئەنجامەکەی ببینە.

شیرینی دڵان محمد ( ﷺ ) دەفەرمووێ : " بێ تواناترینی خەڵك ئەو کەسەیە کە بێ توانا بێ لە نزاکردن "

{السلسلة الصحيحة 601}

## لە ڕەحمی خودا هیچ کات بێهیوا مەبن

ڕۆژێکیان ئافرەتێك هات بۆ لای پێغەمبەر موسا علیه سلام وتی : پێغەمبەری خودا تۆ ڕاستەوخۆ قسە لەگەڵ خودا دەکەیت بەڵکو داوام بۆ بکەی خودای گەورە منداڵێکم پێببەخشێت منداڵم نابێت، پێغەمبەر علیه سلام وەزعی ئافرەتەکەی بۆ خودای گەورە بەیان کرد خوای گەورەش پێی فەرموو: ئەی موسا من ئەو ئافرەتەم هەر لەسەرەتاوە لای خۆم بە نەزۆکی نووسیوە، موساش علیه سلام کە گەڕایەوە بۆ لای ئافرەتەکە ئەنجامەکەی پێ فەرموو ئافرەتەکەش بزەیەکی کرد و ڕۆیشت، پاش ماوەیەك ڕۆژێك موسا علیه سلام ئافرەتەکە دەبینێ بەڵام

منالێكی لەگەڵ دایە خێرا دەچێت و دەفەرمووێ ئەو مندالە هی كێیــە؟

ئافرەتەكەش دەڵێ خودا پێی بەخشیوم، موساش علیه سلام پرسیار له خوای گەورە دەكات كە چۆن خوای گەورە فەرموویەتی لەچارەنووسیدا نوسراوە كەدەبێ هەر نەزۆك بێ كەچی منالیشی بووە؟

خودای گەورە پێی دەفەرمووێ: ئەی موسا ئەو ئافرەتە هەرچەندە قەدەری خواشی زانی بەڵام هەر بێ ئومێد نەبوو لە ڕەحمی خوای گەورە بەردەوام بوو لە نزا كردن تامنیش پێمبەخشی بۆیە ڕەحم و بەزەیی من لەسەرووی قەدەرەوەیە .

وەرگیراوە لە "قصص_الأنبیاء"

## چۆن نزاکان قبولٚ دەبن؟

-یەقین ( دڵنیابە لەوەی خوای پەروەدگار جوابت دەداتەوە ) .

-نزاکردن بە ناوە پیرۆزەکانی خوای پەروەدگار .

-سوپاسی خودا بکە پێش ئەوەی دەست بە نزاکردن بکەیت .

-سەلاٚوەتدان لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی ( ﷺ ) .

-دڵنیابەرەوە لە دوعاکەت واتە مەڵێ خوایە ئەگەر ویستت

لێمخۆشبە، بڵێ خودایە لێمخۆشبە وە أَنْ يَشَاءَ الله  نزاکردندا

بەکارمەهێنە .

-ئەو پەڕی زەلیلی بۆ خودا دەرببڕە .

-پۆشاك و خواردنت حەلاٚڵ بێت .

-ڕووکردنە قیبلەو بەرزکردنەوەی دەستەکان .

-پەلە نەکردن لە دوعا ، ئارام گرتن بۆ گیرابوونی .

-نزاکانت لەو کاتانەدا بکە کە نزا ڕەت ناکرێتەوە، هیچ کات

مەڵێ بۆچی من چەنێکە دوعا دەکەم کەچی قبولٚ نابێت، ئەگەر

تۆ ساڵێك بێت نزایەك بكەیت ئەوە ساڵێكە لە خێردایت و هیچ زەرەرت نەكردووە بۆیە خێری یەكساڵت بەتاڵ مەكەوە بەوەی بڵێی بۆچی نزاكانم قبوڵ نابێت .

"وەرگیراوە"

خودای گەورە دەفەرمووێ: ( إِنَّ رَبِّى لَسَمِيعُ ٱلدُّعَآءِ )

"سورة إبراهيم" ألاية 39

بەڕاستی پەروەردگارم بیسەری نزایە .

---

عومەری كوڕی خەتاب دەفەرمووێ: من خەمی قبوڵ بوونی نزاكانم نیە چونكە خودا بەڵێنی داوە وەریبگرێت بەڵكو خەمی ئەوەمە كە بیرم نەبێ نزا بكەم .

له ماڵی خودا كه هه‌موو حاجیان خه‌ریكی نزا و پاڕانه‌وه بوون،

پیره پیاوێك له مه‌ودای حه‌جیدا، ته‌نها هه‌ردوو ده‌ستی به‌ره‌و

ئاسمان به‌رزكرده‌وه و هیچی نه‌ده‌گوت

لێیان پرسی ئه‌ی بۆ هیچ ناڵێی؟!

گوتی: ئای كاكی من! ئه‌وه‌ی ده‌ستم به‌ره‌و لای به‌رز كردۆته‌وه

له خۆشم ئاگادارتره چیم ده‌وێت، ته‌نها پێویسته به ده‌سته‌كانم

پێی بڵێم: پێـــویستم پێـــته! "محمد الكردی"

## بۆچی لە خودای گەورە دەپارێینەوە کەچی وەڵاممان نادرێتەوە؟

-ئێوە خودا دەناسن کەچی گوێڕایەڵی ناکەن .

-ئیوە قورئان دەخوێنن کەچی کاری پێناکەن.

-شەیتان دەناسن کەچی ڕازین لەگەڵی وە شوێنی هەنگاوەکانی کەوتوون .

-خۆتان وا پیشان دەدەن کە پێغەمبەری خودا ( ﷺ ) خۆشدەوێت کەچی پشت لە سوننەتەکانی دەکەن و گوێی پێنادەن .

-خۆشەویسیتان بۆ بەهەشت پیشان دەدەن کەچی کارناکەن بۆ بەدەست هێنانی .

-وا خۆتان نیشان دەدەن کە لە ئاگری دۆزەخ دەترسن کەچی ڕێگری لە خۆتان ناکەن لە ئەنجامدانی گوناهەکان .

-دەزانن کە مردن حەقە و بوونی هەیە کەچی خۆتان بۆ

وەڵامەکانی ناو گۆڕ ئامادەناکەن .

-لە ڕزق و ڕۆزیەکان دەخۆن کەچی سوپاسی خودای

لەسەرناکەن .

-بەدەستی خۆتان مردووەکان دەنێژن کەچی تەوبە ناکەن

پەندی لێوەرناگرن .

# تەنها بە یەك دوعا هیچ شتێك دەگۆڕێت؟

تەنها بە یەك دوعا:

خودا زەوی نوقمی ئاو كرد بۆ سەركەوتنی نوحی بەندەی خۆی

تەنها بە یەك دوعا:

خودا خێزانەكەی زەكەریای چاككرد و لە تەمەنێكی گەورەییدا مناڵی پێبەخشی

تەنها بەیەك دوعا:

خودا سكی نەهەنگی كردە شوێنێكی ئارام بۆ یونسی بەندەی خۆی

تەنها بە یەك دوعای ئیبراهیم:

خودا مەككەی كردە شوێنێك كە دڵی خەڵكی كەمەندكێش بكات بۆ لای خۆی .

"وەرگیراوە"

## لەم 8 کاتەدا نزا و پاڕانەوەکان گیرا دەبن

-نزاو پاڕانەوەکان لە پاش نوێژە فەرزەکان .

-نزا و پاڕانەوەکان لەکاتی سێیەکی شەو ( کاتی شەو نویژ )

-نزاو پاڕانەوەکان لە کاتی نێوان بانگدان و قامەتکردن .

-یەکێك لە کاتە هەرە باشەکان بۆ گیرابوونی نزاکان ڕۆژی هەینی

(کە دوای نوێژی عەسرە ) .

-نزا و پاڕانەوە لە کاتی بارینی باراندا

-نزا کردن لە کاتی کڕنۆش بردن .

-نزا و پاڕانەوە لە کاتی گوێبیستبوونی بانگی کەڵەشێر .

-لە کاتی خواردنەوەی ئاوی زەمزەم . "وەرگیراوە"

# کۆتایی

♥♥♥♥♥♥♥♥

